## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (١٩)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

باسی هێندێک ڕووداوی بۆکان لە کتێبی فەرماندەیەک لە سپی سەنگەوە، نووسینی محەمەد عەباسی.

### ئیعدامی عومەربۆکانی و خوداپەرەست سەرۆکی ساواکی مهاباد




چەند ڕۆژ دوای ئیعدامی حەمەدەمینی میهرەبانی کە تاریخەکەم لە بیر نەماوە ، دووبارە ئاخوند نەجەفئابادی لەگەڵ مەلایەکی نێوشاری مهاباد هاتن بۆ پادگانێ بۆ دادگایی کردنی خوداپەرەست و عومەر بۆکانی. لە دیوێکی تایبەت خوداپەرەست دەستی کرد بە نووسین بەڵام لەبەر گریان و فرمێسکی چاوانی بۆی نەدەنووسرا . کەمێکی پێچوو تا هاتەوە سەرخۆ و دەستی بە نووسینی وەسیەتنامەکەی کرد . نووسیبووی من منداڵ بووم کە باوکم مرد دووقڕانی بۆ بەجێهێشتم ، منیش لەو کاتەوە ئەو دووقڕانەم هەڵگرتووە و ئەوەش بدەن بە کچەکەم . وابزانم هەر ئەو کچەشی هەبوو . دەڵێن دوو کوریشی هەبوو من نەمدیبوون ، بە گریانەوە یەک وەرەقەی پڕ کردەوە.

### ئیعدامی عومەر بۆکانی

عومەر بە گومانی ئەوەی کە دەستدرێژی جنسی بە زڕکچەکەی کردووە زیندانی کرابوو. خێزانی عومەر ئەو کچەی لە مێردی پێشووی بە ناوی مستەفا ئەبەدی بوو. نەمزانی تەڵاقی دابوو یا هەڵیگرتبوو. مستەفا باوکی کچەکە خۆشی لە پرۆسەی دادگاییەکەدا بەشدار بوو . عومەر کوتی :

ئیجازەم بدەن دەست نوێژ هەڵگرم و دوو ڕەکعەت نوێژ بکەم . چوو دەست نوێژی هەڵگرت و نوێژی کرد . کوتیان وەسیەتت چیە؟ کوتی: ئەمن ئەوە چەند دەقیقەم نەماوە بۆ ئیعدام ، شانازی دەکەم کە ئەورۆ کورد بە تایبەتی حیزبی دێموکڕات خەڵکی دادگایی دەکا و تاوانباران ئیعدام دەکا. ئێستا من هیچ ئومێدێکم نەماوە ، قورعانێک لە سەر مێزەکەی بوو ، کوتی من ئەوە ئیعدام دەکرێم ، ئەوەش قورعانە ، دەستی بە قورعانەکە دادا و کوتی ئەوە ئێستا من ئەو سوێندە دەخۆم ، ئەگەر درۆبێ بە کافری دەمرم بەڵام بەو قورعانە و بە ساحەبی ئەو قورعانە ئەوەی لە سەر من کوتراوە هەمووی درۆیە و بوختانە . ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە غیرەتی کورد و عەجەم یەک زەڕە وەک یەک ناچێ ، زۆر عادی و بێترس بوو . بردیانن بۆ لای زاخەکانی پشت سەربازخانەی . پووشێکی زۆری لێبوو .لە نێو پووشەکە ڕایانگرتن بێ ئەوەی دەستیان ببەستن . خودا پەرەست هەر دەگریا و کوتی ئیعدامکردن ئاوا نابێ وەرن چاوم ببەستن و لەو دارتێلەم ببەستن ، چۆنی گوت بەو شێوەیە ئەنجامدرا ، بە پیچەوانەی خوداپەرەست عومەر گوتی :

من چاوم نابەستم. جێگاکەی خۆی هەمووی بە لاقی خۆشکرد و پووشەکەی لادا و راوەستا بە رووی ئەو کەسانەی بۆ ئیعدامکردن راوەستابوون. جووتە کەوشێکی تازە و جوانی لە پێدابوو لەگەڵ کراسێکی سپی ، کەوشەکە و کراسەکەی داکەند و کوتی ئەوانە بدەن بەو پێشمەرگانە با پیس نەبن .

یەکێ لەوانەی دەبا عومەری بکووژێ مستەفا بوو لە بەری دامەزران عومەر هاواریکرد و کوتی: مام مستەفا ، مام مستەفا تۆ لێم مەدە با دوایی دوژمنایەتی بنەماڵەیی پەیدا نەبێ ، گەردنی ئەو پێشمەرگانە ئازاد بێ با ئەوان ئیعدامم کەن . مام مستەفا هەروەک ئیشارەم پێکرد مێردی پێشووی ژنەکەی بوو.

## فەرماندەی هێزی ١١٠ ی بەیان

هاوینی ٥٩ ی بوو نامەیەکیان بۆ ناردم بە ئیمزای دوکتور قاسملوی کە بە زووترین کات وەرە بۆ دەفتەری سیاسی . منیش گیر نەبووم و چوومە دۆڵی دێموکڕاتی و چوومە دەبیرخانە و ئاگادارم کردن . کوتیان با بێتە سەرێ . دیارە لاقم هەر لە گەچ دابوو . دوای بەخێرهاتن دوکتور کوتی ئەوە چاک نەبوویەتەوە ؟ کوتم یەک مانگ ماوە گەچەکەی لێوەکەم ، کوتی دەزانین باش نەبووی بەڵام تۆمان دیاریکردووە بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان و هەوشار ، لە سەر بڕیاری دەفتەری سیاسی ئەو دوو ناوچە بکرێ بە یەک هێز بە نێوی هێزی ١١٠ ی بەیان . نامەیان بۆ نووسیم و لەگەڵ کاک مستەفای شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی چووم بۆ بۆکان . دیارە ئەو دووناوچەیە پێشمەرگەی زۆر باش و قارەمانی لێبوون بەڵام لێک دوور بوون . هەر ناوچەیەی پێشمەرگەی خۆی هەبوو هەوشار یەک پۆل بوو و سەرپۆلەکەشی میرزا عەولای جهانگیری بوو بۆکانیش یەک پۆل بوو کە سەر پۆلەکەی مەلا محەمەدی مراد رەسوولی بوو . ئەو دوو ناوچەیە کران بە یەک هێز و سازماندەهیم کردن . بەرپرسی تەشکیلاتی حزب لە بۆکان ئەو کات کاک حوسێنی مەدەنی بوو.

## تاڵانکردنی ماڵی مستەفای قازی بە ناوی فئودال و سەرمایەدار

ئەو کاتەی کە شاری بۆکان وەک ئاخرین شار لە دەستی ئێمەدا مابۆوە فشارێکی زۆرمان لە سەر بوو . لە لایەک لەگەڵ شەڕی رەوانیی دوژمن بەرەوروو بووین لە لایەکی تریش لەگەڵ ١٨ حزب و سازمان کە لە ناو شاری بۆکان هەبوون . هەلومەرجێکی تا رادەیەک شپرزە لە ئاڕادابوو هەر بەو هۆیەوە رۆژبە رۆژ لەناو شاری بۆکان و ناوچەکانی سەر بەو شارە کۆمەڵە ئاژاوەی دروستدەکرد .رۆژێک لە سەردانی بنکەکانی پێشمەرگە دەگەڕامەوە گەیشتمە بەردەرکی تەشکیلاتی حزب کوتیان کاک حوسێنی مەدەنی چاوەڕوانتە . چوومە ژوورێ کوتی: کاکە کۆمەڵە دەست هەڵناگرێ ئێستا ئەوە دەوری ماڵی کاک مستەفای قازیان داوە خەریکن ماڵەکەی تالان بکەن بە ناوی فئودال و سەرمایەدار. داوادەکەم هەر ئێستا بچن نەجاتیان بدەن. هەر بڵێی یەک و دوو پەلێک کە پێشمەرگەکانم هەڵگرت و رۆیشتین کە دیتمان دەوری ماڵی کاک مستەفای گیرابوو ژن و منداڵی ئەو گەڕەکانە هەموویان لە بەردەرکی ماڵی کاک مستەفا وەستا بوون . داوایاندەکرد وازیان لێبێنن و تاڵانیان نەکەن. کوتم یاڵڵا دەوریان بدەن . دیتمان ماشێنێکی گەورەی باریان هێنابوو تا ماڵەکەی پێ بار بکەن تەقە دەستی پێکرد و بوو بە هەڵات هەڵاتی کۆمەڵە . کوڕەکەی کاک مستەفایان چەک کردبوو و لەگەڵ خۆیان بردبوویان . کوڕەکەشی بە نێوی عەلی قازی پێشمەرگەی هێزی پێشەوا بوو . خەریکی ماڵەکەی بوون . لەو جەنگەیەدا بەرپرسەکەیان دەرپەڕی و هەڵات. کوتم

بیگرن نەیەڵن بڕوا ، خۆی لە نێو ژن و منداڵی گەڕەکەکەی هاویشت و ژنەکان باوەشیان بۆ گرتنەوە و نەیانهێشت بیگرین. ٠بەڵام ماشێنەکەیان بە کەل و پەلەوە گیرا و لەگەڵ خۆمان بردو کۆمەڵەش کەسیان لەو ناوە نەما. دوای دووڕۆژ کۆمەڵە چەند نەفەری لە خەڵکی شاریان ناردن بۆ ماشێنەکەی. دوای کێشە و هەڵلایەکی زۆر کوڕەکەی کاک مستەفایان ئازاد کرد و کلاشینکۆف و ئەوەی بردبوویان لێمان وەرگرتنەوە و ماشێنەکەمان دانەوە . کۆمەڵە ڕۆژ نەبوو ئاژاوەیەک ساز نەکا . سەرباقی هەموو ئەوانە چریک و پەیکاریش ببوونە هۆیەک بۆ نائارامی و شێواندنی ژیانی خەڵک وەک بڵێی بە ئاژاوەنانەوە و ناتەبایی ڕاهاتبوون.

## تێکهەڵچوون لەگەڵ پەیکار

لەو سەردەمەدا کار و پیشەی بەعزێک لە ڕێکخراوەکان دروشمدان و بڵاوکردنەوەی ئیعلامیە و هێرشکردن بۆ سەر حزبی دێموکڕات بوو . بۆ وێنە دەیاننووسی حزبی خائین و بەکرێگیراوی بەعسی عێراق و سازیشکار و زۆر شتی لەوەش خراپتر. ڕۆژێک نزیک سەعات دوازدە لە بنکەی هێز بووم لە ناو شار ، پێشمەرگەیەک هات بەدوامدا کوتی کاک حوسێن دەڵی گیر نەبێ بە پەلە بێ بۆ دەفتەری حزب . منیش گیر نەبووم ، کە چووم کاک حوسێن مەدەنی کوتی : فەرموو کاکە ئەو ئیعلامیەی پەیکاری ، بە حزبی خائین و سازیشکار و بە هەموو شتێک ناویان بردووین . گوتم: باشە ئێستا بریار چیە و دەتانهەوێ چ بکەن؟ کوتی هیچ ناکرێ لەوە زیاتر کە خڕیان کەینەوە . دەبێ دەست بە کار بن. دوو پەل پێشمەرگە لە نێو شار بوون ئاگادارم کردن و بەرەو پەیکار وەڕێکەوتین . داوام لێکردن هەتا بۆتاندەکری بە ئارامی و شەڕ و تەقە روونەدا. هەر کە گەیشتینێ دەورمان گرتن . داوای تەسلیم بوونمان لێکردن. پەیکارەکان هەر کوتوپڕ سەنگەریان گرت و دستیان بە تەقە کرد. لە سەربانی مقەڕەکە فارسێک دەستی نەدەدا . کەریمی عەلی فەرامەرزی لە بن دارێک سەنگەری گرتبوو هاواریکرد و کوتی نەیکوژین هەمووماندەکووژێ ، هەر دەمکوت نەیکوژن. دیار بوو لە دەستی من چووبووە دەرێ و لێیاندا و کوژرا. پێشمەرگەیەکم بە ناوی سەید محەمەد گامێش گۆلی لە سەر خەیابانی بازاری لە پشتەوەی مقەڕی پەیکار دانابوو گوتم هەر وەخت دەستوورت پێدرا بە ئارپی جی لێیان دە و دەست بەکار بە. زۆر درەنگ دەنگی ئار پی جی هات لە قاتی سەرەوە وەگوێچکەی سوانەی کەوت . پێشمەرگەکان هەموویان لە ژوورەکانی پەیکار دابوون ئەگەر یەک میتر کورتی کردبایە چەند پێشمەرگەدەکوژران. فەورەن کوتم بیگەنە بزانن ئەوە کێ بوو ئەو ئارپی جییەی هاویشت کە چاومان لێکرد خۆ ئەوە کەریم خاڵدارە چۆتە لای سەر خەیابانی پشتەوە و ئارپی جی لەو پێشمەرگەیە وەر گرتووە و بەرەو خانووی پەیکار تەقاندوویەتی . لە هەموو جێگایەک خۆی کردووە بە قارەمانی داستانەکە کەچی دوای تەواو بوونی پەیکاریش نەهات بزانێ چ روویداوە. لەو شەڕەدا سێ پەیکار کوژران یەکیان خەڵکی بۆکان بوو ئەوەی دیکەیان فارس بوو . نۆزدە پەیکار لەو شەڕەدا گیران و بنکەکەشی بە تەواوی دەستی بە سەردا گیرا.

## چەککردنی کارمەندانی سەدی کورووشی کەبیر لە ساروقامیش

بریاردرا کە سەدی کورووشی کەبیری ساروقامیش چەک بکەین . هەموو کارمەندەکانی ئەو سەدە زیاتر لە ٢٠ قەبزە برنوی درێژیان لە لا بوو . بۆ بەیانی دوو دەستە پێشمەرگەم ساز کردن و بەرەو شوێنەکە وەڕێکەوتین و دەوری سەدمانگرت و کارمەندەکانم هەموو کۆ کردنەوە و داوای چەکەکانم لێکردن.

زۆریان هاتوهاوار کرد کە نەماندەنێ . ماڵو منداڵیان دنەدا کە دژ بە ئێمە خۆ پێشاندان بکەن. بانگی کەریمی عەلی فەرامەرزم کرد لەگەڵ فەتاح خوراسانی کوتم هەرچی زووتر کۆیان کەنەوە. نیو سەعاتی نەکێشا هەموو چەکەکانیان کۆ کردەوە و گەڕاینەوە بۆکان . دیارە لەو ماوەیەشدا کۆمەڵە هەر خەریکی ئاژاوە نانەوە بوو لە ناو شاری بۆکان . هەر رۆژە دروشمدان و خۆ پێشاندان بوو بۆ سەر تەشکیلات و یەکیەتی لاوان .

لەو کاتە شدا دەستەیەک پێشمەرگەمان لە سەرای سەقز دانابوو بۆ کونترۆڵ و چاوەدێری ئەو جادەیە ، سەردەستەکەیان عەلی وەهاب بوو. عەلی وەهاب لەگەڵ مەلا رەحمانی عەزیزی چووبوون بۆ شناسایی گەردەنەی سەقز لە نەکاو جاش و جاسووسەکان لە لایەکو تیوتایەکی پڕ لە پاسدار بە دۆشکەوە لە لایەکی دیکەوە دەسترێژیان لێدەکەن و عەلی وەهاب شەهید دەبێ و مەلا رەحمان سەنگەر دەگرێ لە قەراغ جادەی و دوای شەڕێکی قارەمانانە نەجاتی دەبێ . جەنازەی عەلی وەهاب دەبەنەوە سەقزی. هەر ئەو رۆژە کۆمەڵە و پاشماوەکانی پەیکار بەرنامەیان بوو خۆپێشاندان وەرێخەن و دەفتەری حزب و یەکیەتی لاوان بگرن. بەڵام بە شەهیدبوونی عەلی وەهاب بە پەرۆشبوونی خەڵکی بۆکان و هاودەردی دەگەڵ هێزی پێشمەرگە ئەو پلانە سەری نەگرت و پووچەڵ بۆوە بۆ رۆژی دوایی بە هۆی مامۆستایانی ئایینی لە سەرای سەقز و بۆکان جەنازەکە وەرگیراوە و بە بەشداری هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان نێژرا و لە گەڕانەوەدا زیاتر لە هەزار کەس لە خەڵکی بۆکان تەزاهوراتیان وەرێخست بۆ بەردەرکی مقری کۆمەڵە . من و مەلا محەمەدی مراد رەسووڵی و چەند پێشمەرگە لە نزیک مقەری کۆمەڵە پێشمان پێگرتن و ئەو خەڵکەمان گێرایەوە . کۆمەلەش هەموویان سەنگەریان گرتبوو . دیارە دەستی دوژمنانی کوردیشی تێدابوو . ئەو رووداوە دوورۆژ دوای شەڕی پەیکار بوو. لەو ماوەشدا دەفتەری سیاسی سەبارەت بە مەسەلەی پەیکار و هێندێک شتی دی فشاریان بۆ کاک حوسێن مەدەنی هێنابوو کە بوو بە هۆی ئەوە کاک رەحیم ئەمیری هاتە جێگای کاک حوسێن لە تەسکیلاتی بۆکان و زۆری نەخایاند لە دوای کاک حوسێن لە لایەن دەفتەری سیاسی بە جێگای منیش سەرهەنگ رەبیعی هات بۆ فەرماندەیی هێزی بەیان لە بۆکان.